# تـــووتن

مولود قادر بێخاڵی

**بەشی دووەم وکۆتایی**

## چاراو یا چالاو چی‌یە «زاخە» ؟

چالاو بریتی‌یە لە چاڵێکی چوارگۆشە یا درێژو پان قوولاڵی‌یەکەی لە بەژنە زەلامێك پترە . لەنێو ئەو چاڵە کۆڵەگەی دووپەل لە گڵ دەچەقێندرێ ، لەنێوان هەردوو کۆڵەگە دارێکی درێژی برێك بەدرێژایی چاڵەکە دەچەسپێندرێ ، بەمەرجێك ماوەی – پانی – ئەو دوو دارەی کە لەسەر کۆڵەگەکان دادەندرێ بەمانای رادەکێشرێ دەبێ بەپانایی داوی تووتن بێ زەوی – ئەرزی – چاڵەکەش دەبێ بە وردە بەردو زیخ‌و چەو داپۆشرێت بۆئەوەی لە کاتی ئاوتی‌کردندا ئەو زەوی‌یە نەبێت بە قور ، چونکە پاش هەڵواسینی داوەکان – ڕستەی تووتن – چاڵەکە کەمێك ئاوی تێ‌دەکرێت ، لەدوایی‌دا سەری چاڵەکە دادەپۆشرێت‌و کونبڕ دەکرێت تەنها دەرگایەکی بچووك نەبێت ئەویش لەکاتی سەردانی تووتن کە دەکرێتەوە لەوکارەدا دەبێ پەلکی تووتن لەخوارەوە نەکەوێتە سەر زەوی ئەگینا ئەبێتە هۆی تێك‌چوونی لەنێو چالاوو زیانێکی باش بە تووتنەوان دەگەیێنێ . بۆئەوەی سوودی باش لە تووتن وەربگیرێت دەبێ لە زۆر کارەساتی سروشتی بپارێزرێت وەك باران‌و ڕەشەبا ئەگینا زیانێکی زۆرترده بەخشێ.

پاش ئەو هەموو ماندووبوونە بۆ بەناوهێنان‌و پوختەکردنەو ئامادەکردنی تووتن ، دەبێ جۆرە – چینە – باشەکانی لە سەندووقی تایبەتی دابگیرێت‌و بکرێت بە فەردە بو ئەو داگرتنەیش دەستە کرێکاری کارامەی پسپۆر پێویستە . لە دوای داگرتن بۆ نزیکترین بەڕێوەبەرایەتی تووتن‌کاری دەنێردرێ ، لەوێ بەپێ‌ی ڕێدانی تایبەتی تووتن‌کاری ، سەندووقەکان – فەردەکان – لەلایەن دەستەی خەملاندن دەقەبلێندرێت‌و پلەی نرخیشی بۆ دەست‌نیشان دەکرێت خۆ تووتنەوانی لێ‌قەوماو ئەو ڕێدانەی نەدەدرایێ – (ڕێدانی تووتن کاری) بە زۆری دەدرایە چەند خاوەن زەوی‌یەك‌و چەند دەسەلات‌دارێکی ناوچە ، ئەوانیش بەپێ‌ی پێویستی‌و ئارەزووی خۆیان ، تووتنەکانیان دەکڕی‌و دەیان‌بردە مەلبەندی بەڕێوەبەرایەتی تووتن‌کاری . خۆ ئەگەر تووتنەوان ئەوەی بۆ ڕێك‌نەکەوتبا دەبوایە بەرهەمەکەی بە نرخێکی کەم بەنهێنی بفرۆشێ بەو ڕێگایە سوودی گەلێك کەمتر دەبوو گومان

تووتنەوان لەسەر قەرز ژیان‌و گوزەرانی ماڵ‌و منداڵی بەدرێژایی ساڵ دابین دەکردو گەلێ ئاڵوگۆڕ و سەلەمی پێش تووتن پێ‌گەیشتن لەسەر تووتن دەکرد لەگەڵ سەرمایەدارە بازرگانەکانی تووتن. سەیر نی‌یە ئەوکاتە لە بازاری کۆیەو سولەیمانی‌و قەڵادزێ‌و شەقڵاوە کە هیچ بازرگانێکی تێدا نەبوو تەنانەت ئەوانەی دەسەڵات‌دار نەبن. ژمارەی ئەو سەرمایەدارانەو دەسەڵات‌دارانەی سەرەوە هیچ کاتێك لە پەنجەی دەست زیاتر نەبوو، لەگەل ئەوەش باڵیان بەسەر زۆربەی زۆری تووتنەوانەکانی ناوچەکاندا هێنا بوو، ئاغاو زۆردارو دەسەڵات‌دارانیش لەو ناوچە ناوبراوانە لەژێر باری قەرزاری بازرگانە سەرمایەدارەکانی تووتن‌کاری‌دا دەیان‌ناڵاند، بەڵام باری گران کەوتبوە ئەستۆی تووتنەوان‌و لەئەنجامدا مایەپووچ دەردەچو، پاش گێڕانەوەی ئەو قەرزانەی کە بۆی تۆمارکرابوون نەیدەتوانی خۆشی بخورێنێ، دەبوایە

بەبێ‌دەنگی‌و بێ‌سی‌و دووکردن هەمووی بداتەوە، بروای بوایە یا نە بوایە ئەوەندە قەرزەی لەسەرە چونکە هیچ بەڵگەنامەیەکی بەدەستەوە نەبوو، خوا خوای بوو هەر خاوەن قەرز ڕازی بێ تا دووبارە دەستی یارمەتی بۆ درێژبکاتەوە بۆ دابین کردنی ژیانی ساڵی ئایندەی لێرەدا من نامەوێ تووتنەوانی ئەوکاتە دەگەڵ تووتنەوانی ئێستا لە یەك جیابکەمەوە چونکە دەبێ تووتنەوانی ئێستا تەماشای ڕۆژانی ڕابردووی خۆی بکات‌و پتر بۆ زیادکردن‌و چاككردنی بەرهەم هەوڵبدات بە بەکارهێنانی باشترین شێوازو چاکترین جۆرە تۆو ئامێری نوێ.

## جۆرو پلەی تووتنی ڕۆژ هەڵات:

بەگشتی تووتن ئێستا کە بە چوار جۆر لەقەڵەم دەدرێت وەك تووتنی ڕۆژهەڵات‌و ڤێرجینی‌و بێرلی‌و ڕەش. لە وڵاتی ئێمەدا بەزۆری جۆری ڕۆژهەڵات‌و بەشی نیوە ڕۆژهەڵاتە

لەودواییەشدا تووتنی – ڤەرجینی – تاقی کرایەوە[1] دەردەکەوێت کە تووتنی ناوچەی سلطانەدێ‌و ناودەشت‌و زارگەڵیش لە ڕاوندوز لەگەڵ ئەو ناوچانەی کە ساردترن‌و دەکەونە بناری کێوە بەرزە بەفراوی‌یەکان سوودلەئاوو هەوای سارد وەردەگرن. ئەوشوێنانە لە هی زۆر جێگا باشترە جا بۆئەوەی زیاتر ئەو ڕووەکە برسکێت، پێویستە پێش کێڵان‌و خۆش‌کردنی زەوی‌و سێ‌لك‌کردنی دەبێ کێڵگەکە پەین بکرێت بەهۆی مۆڵکردنی مەڕو ماڵات لەنێو زەوی‌یەکەدا گەلێ‌جاریش ئەگەر مەڕو ماڵات دەست‌نەکەوێت ئەوا گارانی گوندی تێدا مۆڵ‌دەکەن تا سوود لە پاشەڕۆکی ئاژەڵەکان وەربگیرێت بۆ مەبەستی پەین‌کردنی زەوی.

د. ئەنوەر عەلی[2] ئەو جۆرو پلانەی تووتن دەنووسیتەوەو دەڵێت: لە گەلێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات‌و باشوری ڕۆژهەڵات لە ئەوروپا تووتنی بۆندار دێتە بەرهەم دیارکردنی جۆرو پلەی تووتنی ڕۆژهەڵات بەسانایی ناکرێت لەبەر نەبوونی ڕێگایەك بو لێك جیاکردنەوەی هەر وڵاتێك لە وڵاتانی تووتن‌کاری چونکە هەر وڵاتێك شێوەو پلەو ڕێبازێکی تایبەتی خۆی هەیە بەتێکرا دەتوانین بگەڕێنەوە چەند نەگەیشتنەوەیەك لە جیاوازی ئاوو هەواو زەوی سەرباری بەکارهێنانی گەلێ ناوی جۆراوجۆری بابەتی تووتن. بەگشتی تووتنی ڕۆژهەڵات بە چوار جۆری تایبەتی دابەش دەکرێ بەم‌گوێرەیە (کزانتی (Cxantni) و (قووالا Kovala) و (ئەزمیر Izmir) و (سامسون Samson) هەر بەشە لەوانە گەلێ جۆری لێ جیادەبێتەوە ئەو چوار ناوەی سەرەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نێوی شارە بەناوبانگەکانی تووتن‌کاری لە ڕۆژهەڵات کە لەکۆنەوە تووتن بە نێوونیشانی ئەو بۆوانە نێونراوە. لەگەڵ ئەوەش زۆر جۆری تۆو بۆیەك سەرچاوە دەگەڕێتەوەو ئەگەر چەند جیاوازی‌یەکیش لە ڕەنگ‌و سوتەنی‌و بۆنیشیان لە بەرهەم هێنانا هەبێت، ئەو گۆڕان جیاوازی‌یەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئاوو هە واو زەوی و کات وەك بەرزی‌و لێژی زەوی



تووتن لەسەر لێواری دەریاو ڕێك‌وپێك هاتنی زەوی‌و سوودبەخش بێ بەپێی دابەش‌بوونی باووباران‌و نیمی زەوی‌و . . هتد . بەرهەمی ئەو جۆرانەی سەرەوەش لەنێو خۆیەوە بەش بەش باس دەکرێت وەك (چیایی) کە لە ناوچە بەرزە چیایی‌یەکان دەچێندرێت (یافا)ش ئەوجۆرەیە کە لە بەرزی‌و نزمی لێواری چیاکانە ، بەڵام (ادوا) ئەو جۆرەیە کەلە پی دەشت‌دا دەکرێت . تووتنی ڕۆژهەڵات لەلایەن پسپۆرانەوە بەپێی بەرهەمی ناوچە کراوە بەدوانزە کۆ بەوگوێرەی خوارەوە .

١ - تووتنی کزانتی Cxantni Tobaccos

٢ - تووتنی مقدونیا Macedonia Tobaccos

٣ - تووتنی باکوری بلغاریا South - Bulgrian Tobaccos

٤ - تووتنی باشوری بلغاریا North Bulgrian Toboccos

٥ - تووتنی کۆنەیونان Old - Greece Tobaccos

٦ - تووتنی ئەزیر Samyrna Tobaccos

٧ - تووتنی دورگەکانی ئیجا Aegeanisles Tobaccos

٨ - تووتنی سامسون بافره Samson - Bafra Tobaccos

٩ - تووتنی تەربزون Trabzon Tobaccos

١٠ - تووتنی ئەناضۆل Anatolian Tobaccos

١١ - تووتنی ڕۆژهەڵاتی روس Russian Oriental Tobaccos

١٢ - تووتنی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی تر From - other - Countries Tobaccos

تووتنی وڵاتی ئێمەش بەزۆری لە تووتنی ئەنازۆڵ‌و سامسون‌و یۆنانی‌و ئێرانی‌یە بەناوبانگترین شوێنیش بۆ بە بەرهەمهێنانیان لە وڵاتی ئێمەدا ئەو ناوچانەی خوارەوەن .

| ناوچەی بەرهەمهێنان | نێوی جۆری تووتن |
| --- | --- |
| ١- قەرەداغ | جۆری خۆی‌و سیسترامون |
| ٢- هەڵەبجە | ڕاشوو سیسترامون |
| ٣- سورداش | خۆی‌و سیسترامون |
| ٤- ڕانیە | بێ‌شاو بێ‌شەمای بەبۆنی بێگانە |
| ٥- چوارتا | سپیلار (سیندولان) |
| ٦- ماوەت | سپیلار |
| ٧- پێنجوین | خۆی‌و ئیرانی |
| ٨- ڕاوندوز | بی‌شامی‌و خۆی‌و ڕاشو-تەرە (کمبول)و پی‌شەمای بۆندار |
| ٩- شەقلاوە | بی‌شەماوە ڕاشو |
| ١٠- کوێسنجق | خۆی‌و بی‌شەما |
| ١١- عمادیە | خۆی‌و بی‌شەماو ڕاشو تەرە |

سەرنج دکتۆر لەو نووسینەدا باسی گەلێ زانیاری‌تری گەڵاو جۆری پلەی تووتنی کردووە ، بەڵام من بۆ ئەو نووسینەی خۆم بە پێویست نەزانی ، بۆیە زیاتر نامەوێت بۆی بچم .

ئەو تووتنەی کە باسی دەکەین‌و گیروگرفتی ژیانی تووتنەوانتان بۆ دەگێرمەوە گەلێ زیان‌و تەگەرەی هەبووە بۆ مامڵەت‌کەرانی تووتن . بەرلەوەی دامودەزگای تازەتر بۆ بەرێوبەرایەتی تووتن کاری دابمەزرێت فرۆتنی تووتن بە گەلێ قۆناغی ناخۆش‌دا دەرۆیشت بەتایبەتی لەژێر یاسای ژمارەی (٣٥)ی ساڵی ١٩٣٩دا ، بەرلەوەش تا ساڵانی ١٩٥٢ و یاسای ژمارە ٥٤ی تووتن‌کاری‌و هەموو گۆڕانەکانی‌تری ئاڵوگۆڕی تووتن لە مەیدانی بازرگانی‌دا ماڵی گەلێ کەسی وێران‌کردیەو گەلێ کەسیشی مایەپووچ‌و دەربەدەر کردووە بەدرێژایی ژیان نەحەساونەتەوە . ئێستاش جارجار دەبێتە هۆی گەلێ ناکۆکی لە هەمان



مەیدانی سەرەوە . ئەو بەرهەمە تا ماوەیەکی کەم بەزۆری بەنهێنی دەفرۆشراو ئاڵوگۆڕی پێ دەکرا – بە قاچاغ – لە ترسی بەڕێوەبەرایەتی گومرگ‌و بەڕێوەبەرایەتیەکانی تری لایەن‌داری تووتن‌کاری . خۆ وداودەزگای پۆلیسیش وەك چاوێشە دار بەدوای قاچاغچیەکانی تووتندا دەگەڕان . مێژو پڕە لە ڕازو چیرۆکی ئەو توندو تیژی‌یانەی بەکارهێندراون بۆ قەدەغەکردنی تووتن لە زۆر وولاتان تا چاندنیشی بەربەرەکانی دەکرا ، لەگەڵ ئەو هەموو بەربەرەکانیەش خەڵکی گوێیان نەدەدایە سەرزەنشت‌و ڕاپۆرتی توند بۆ قەلاچۆکردنی تووتن فرۆشتن بەدزی ، بە بێباکی دەیان‌برد بۆ هەموولایەکی ولات لە دورترین گوندی ناوچەی خۆشناوەتی‌و دۆلی شاورو زێوەو هەرتەل بە پشتی ولاخی بەرزە بە کاروانی نهێنی چەند – تایە – فەردە – جاغ – ٥ تووتنی وردو تەختەی پوختەکراوی بۆنداری بێ‌شەمایان دەگواستەوە بۆ ناوچەی ناوەڕاست‌و خواروی وولات بەدزی ، بەزۆری بۆ ئەو شارو دێ یانەیان دەبرد تکریت‌و دۆرەو فەلووجەو عانەو ڕاوەو کوبی‌سات . لەوێشەوە پەرتەی پێ‌دەکرا بۆ شارو دێهاتەکانی‌تر بەپێی پێویستی تا بە نرخێکی باش بفرۆشرێت بۆ ئەم مەبەستە گەلێك لە دانیشتوانی دێیەکانی سەرەوە بووبوون بە ناسیاوی زەمانە لەگەڵ گەلێ لە بنەمالەکانی شارو دێهاتانی ناوەڕاست‌و خواروی ولات لەو شارو دێهاتانەی کە ناویان لەسەرەوە هات‌و تاکو ئیستاش ئەو تێکەلاوی‌یەی کە ڕۆژبەڕۆژ بەتێن‌تر دەبوو هەر بەردەوامە لەنێوان زۆریان ، ئەگەرچی قاچاغچیاتی تووتنیش باوی نەماوە . گەلێ‌جار کاری گواستنەوەی تووتن بۆ شارو دێهاتانی سەرەوە سەرەڕای کاروانی نهێنی بە ولاخ . بە کەڵەکیش دەکرا . کەلەك بریتی‌یە لە چەند کوندەیەکی پڕ لە با لەژێر چەند قەدەدارێکی سپیندار بەریز قایم دەکرا . سەرەکەشی بە پووش‌و بەلاش‌و گونیەو جەواڵ‌و مشەمای ڕەق دادەپۆشرا بۆئەوەی چەند فەردەو جاغی گەورەو بچوکی تووتنی لەسەر بارکەن . گواستنەوەی تووتن بەدزی بە ڕێی ئاو بەهۆی کەڵەك قۆناغی دورو درێژتر دەبوو لە کاروانی ولاغ ، چەند شەوو چەند ڕۆژێکی دەخایاند . بە ڕۆژ بۆیان نەدەکرا بڕۆن ، بەزۆری دەبوایە هەر بە شەو بکەونەڕێ تا لە چاوی پۆلیس و گومرگ دوور بن ، چونکە ڕێی تووتن گواستنەوەیان پێ نەدەدرا جا لەورێگایەدا شارەزایەبی‌کی باشیان وەدەست هێنابوو زۆر بەزەحمەت دەکەوتنە داوی میری . بە ڕۆژ لە کەناری تایبەتی نهێنی خۆیان حەشاردەداو دەحەسانەوە تا لە بەرچاوی دارو دەستەکی میری دوور بن ، شەویش بێ‌ترس دەکەوتنە ڕێ تا دەگەیشتنە ناسریەو بەسرەش بۆفرۆشتن‌و ئاڵوگۆڕکردنی تووتن بەدزی . ئەو تووتن فرۆشانە تووشی گەلێ تەنگوچەلەمەو ناکۆکی گرنك دەهاتن ، سەرەڕای مەترسی‌یەکی زۆری ژیان ، لەکاتی تووتن گواستنەوە گەلێ جارلەڕێی کاروانی سەرزەوی یان بەکەڵەك لەناکاودا – لەپڕێك‌دا – ڕوو بەڕووی دەستەی قۆلچی گومرگ‌و پولیس دەبون . پاش پاڕانەوەیەکی زۆرو تێك‌هەڵچوونێکی چاك نەیاندەتوانی بڕیاری ڕێ‌پێ‌دان لە دەستەکان وەرگرن . ئەوی هەبوایە میری دەستی بەسەرا دەگرت‌و بە نرخێکی کەش دەیفرۆشت‌و پارەکەش هەر بۆ گەنجینەی دەوڵەت تۆمار دەکرا . لەکاتی مشت‌ومڕی گرتنی تووتنەکە هەر مرۆڤێکیش بکەوتابا دەست . دەرحاڵ دەدرا بە دادپرسی‌یەتی ، لەئەنجامدا سەزایەکی باشی دەدرا دوای بەندکردنی بۆ ماوەیەك میری هەرگیز بەتوندی ڕۆبەڕووی ئەو قاچاغچیانە دەوەستا . یاسای توندو تیژی دانابوو بۆ قەلاچۆکردنی گواستنەوەو فرۆشتنی تووتن بەدزی لە ناوچەیەك بۆ ئەوی‌تر لەسەر زۆر ڕێگاو کەلێن‌و تەوێلی کێوو لێواری



ڕووباران بەکۆمەڵ پیاوانی گومرگ و پۆلیسی لەگەمارۆ دادەنا بۆ ڕەی‌نەدانی گواستنەوەی تووتن بەدزی. ئەو ڕێ‌نەدان و خۆحەشاردانە گەلێ‌جار دەبوە بەربەرەکانێ بە چەك لەنێوان تووتن‌فرۆشە قاچاغچیەکان و پیاوانی میری. سەرەنجامی ئەو ڕووبەڕووبوونە بە چەك زۆر جار دەبوو بەهۆی لەناوبردنی چەند کەسێك لەهەردولا بەتایبەتی قاچاغچیەکان زیانیان زیاتر دەبوو. لەگەڵ ئەو هەموو ئێش و ئازارو دەربەدەربوونەش بەدەگمەن قاچاغچی خۆی لەو کارە نالەبارە دەکێشایەوە. ئەورۆژە بۆ مرۆڤ هۆیەك، یاسایەك نەبوو مرۆڤ وشیارکاتەوە بۆ خۆ دورگرتنی لە مامڵەتی‌وا هیچ شتێك لە توندو تیژی نەیدەتوانی ڕێگا لەو کارە خوارو خێچە بگرێت. ئەو هەموو یاسایانە لەوبارەوە دەرکراون تاکو ئێستا نەبوون بە تەگەرە بۆ قەڵاچۆکردنی. سەرەڕای ئەو کورتە باسەی سەرەوە ئەو باسەشتان بۆ پێکەنین بۆ دەنووسمەوە، بەسەرهاتی قاچاغچی‌یەکە.

گوێم لێ‌بووە زۆر جار دەیانگوت کابرایەکی تووتن فرۆش ڕۆژێك دەیەوێ چەند جاغە تووتنێك بێنێت بۆ شاری هەولێر لە ڕێگا ڕوینی ولاخەکان گەران دەکا تا بەدرەنگەوە بچێتە نێو شار. لەنزیك پردۆکەی خوشناوان کە ئێستی گەرەکی سێ‌تاقانی پێ دەگوترێت لەنێوان شەقامی ٣٠ سی و شەستی کە گەلێ جار چەند پۆلیس و قاچاغچی لێ کوژراون لەئەنجامی بەربەرەکانی و گرتن و فراندنی تووتن، کابرا زیاتر خۆی ڕاگرت بەنیازی خۆر ئاوابوون تا بتوانێ ئەر چەند تایە – فەردە تووتنەی لە کەرەکەی بارکردیە بەدزی‌یەوە بیخاتە شارو ماڵی خانەخوێ بۆ فرۆشتن. بەرلەوەی یاساوڵەکان بکەونە سووڕان، بەڵام بۆی‌نەکرا بگاتە ئەو ئامانجە. هێشتا لەو بەراوردە کۆتایی نەهاتبوو کەرەکەی دەستی‌کرد بە زوڕین، چ زوڕینێك هەموو قوڵچی و پۆلیسی لە خاوەنەکەی گاردا. دەوروبەریان گرت ویستیان دەربەستی کەن، لەگەل قاچاغەکەی، بەڵام کابرا پیاوێکی ئازاو چالاك بوو هەرچەندە چەکدارانی میری شاڵاویان دەبردە سەر بەشێلکی تفەنگ، ئەویش لەلای خۆیەوە ئەوانی دەدا بەر ئۆغرمە دەستڕێژی تفەنگ. ماوەیەکی باش بەو سەینوبەینە خەریك‌بوون تا زیاتر تاریك داهات، کابرای تووتن‌فرۆش بەو ئازایی‌یەی توانی خۆی لەژێر چەپۆکی دڕندانەی پیاوانی میری ئەوکاتە ڕزگار بکات.

ئەو بەرەو ڕووبوونە گەڵێ جار ڕووی‌دەداو دەبوو بە هۆی خوێن ڕشتن ئەو کارەساتە بچێ و نەگەڕێتەوە. فرۆشتنی تووتن بەدزی هەروەکو لەسەرەوە باسمان‌کرد ئێستێش لە گەلێ ڕۆژان وادەبێ مرۆڤ جگەرەکێش بە جگەرەیەك کەرنووش دەبا هەرچەندە کارگەو دەزگای دروست‌کردنی بە زۆر جۆر ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبێ – لێرەدا دەردەکەوێ کە تووتن چەند سوودی هەیە بۆ بووژانەوەی باری ئابووری ولات و ژیانی مرۆڤ، زیانێکی یەك‌جار زیاتریشی هەبە بۆ ئادەمیزاد بە مەیدانی بازرگانی و تەندروستی‌دا بۆیە پێویستە بە هەموو توانایەکمان هەوڵ‌بدەین ڕوی ئەو ڕوەکە لە باری زیان‌بەخشیەوە بگۆڕین بۆ باری سوود لێ وەرگرتنی بەهۆی تەکنۆلۆجیای تازە.

**هەندێ زانیاری لەبارەی مێژووی تووتنەوە:**

لەڕاستیدا تا ئێستاش جێ و مێژووی سەرهەڵدانی تووتن نەزانراوەو، هیچ شتێکی لەبارەیەوە دەست‌نیشان نەکراوە، بۆیە ئەو باسەی دکتۆر «اکرم فاضل» دەگێڕمەوە کە لە گۆڤاری «تووتن»دا[٣] بلاوی کردۆتەوەو باسی چۆنەتی بلاوبوونەوەو پەرسەندنی تووتنی تیادا کردووە تا گە یشتۆتە ئەو قوناغە تازەیەی ئەمڕۆ.

لەوبارەیەوە دکتۆر دەڵێت: (ناتواندرێت بۆ یەکەم جار



شوێنی بڵاوبوونەوەی توتن لەسەر ڕووی زەمین دەستنیشان بکرێت چونکە کریستۆفەر کۆلۆمبس لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٤٩٢ لەنێوان یاداشتە تایبەتی یەکانی خۆیدا دەڵێ : کە بە پاپۆرەکەمان لە دورگەی کوبا نزیك بوینەوە چاومان بە دووکەڵێکی تەنکی باریك کەوت بەسەر زاری دانیشتوانی ئەو جیهانەوە . لە هەمان ڕۆژدا بەهۆی دوو پیاوی خۆم زیاتر توانیم بگەمە دانیشتوانی دورگەکە ئەو دوو نێوبراوانە لە کاتی گەڕانو سورانیاندا چاویان بە گەلێك پیاوو ئافرەت کەوتبوو قەڵنە یا سبیلەیان هەڵدەمژی . ئەو نووسینە ی کۆلۆمبس بۆی چووە (بارتلمی دی - لاکازانسی)ش دانی پێدا دەنێتو دەڵێت : پاش گەڕانەوەم لە هیندی ڕۆژئاوا بۆم دەرکەوت کە دانیشتوانی ئەو ولاتە هەمان قەڵنە - سبێلە بەکاردێننو لە سەرە بە ئاگرەکەی قەڵنەکەوە کەوە کلکێکی درێژی پێوەیە دوکەڵە ژەهراویەکە دەکێشنە دەمو هەناویانەوە بۆ مەبەستی حەسانەوە . ئەو باسەی سەرەوە وا نیشاندەدا کە ناتواندرێ دەست بۆ مێژووی بەکارهێنانی ئەو ڕووەکە درێژ بکرێت . لەوەو لەو لێکۆڵینەوە زۆرانەوە دەردەکەوێ کە کێشانی توتن بە هەرجۆرێك بووبێ کۆنەو بۆ سەردەمێکی زوو دەگەڕێتەوە چونکە لە گەلێ شوێنەوارەاندا لەنێو قەبرو گۆڕی ڕۆمانیەکان پاشماوەی قەڵون - سبێل - دۆزراوەتەوە . زۆریش لە نووسەران گوتویانە (سەڵتی یەکانو جەرمەنەکان) خەڵکی (ئەمازۆنو دورگەی هیندی ڕۆژئاواو کالیفۆرنیاو واشنطن) توتن جوینو مژتن لەگەڵ چەند هوردە ڕووەکێکی تایبەتی تر وەك (پاریکا Parica)و (نیوپۆ Niopo) بووبوو بە خویان . گەلێ جاریش سەرەرای مژتنو جوین دەکران بە تۆزو بە لووت هەڵیاندەکێشا بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی یەك ، جارجاریش دەکرا بە ئاوو بۆ بەدەن چەورکردن بۆ مەبەستی تەندروستی پەلکی توتن بە سەرمایەکی گرنگی هیندو ئەمریکانی سەرو ئەژمێرێت بۆیە (عێلی سیوکس Siux) لە ناوچەی (ئوماهاسی Omahas) بۆ گەلێ هەڵگێرو وەرگێری ئایینی دوکەڵەکەیان بەکاردەهێناو لەگەڵێ دا دەستیان بە سەما دەکرد تاکو بێ هۆش دەبوون .

لەنێوان نووسینەکەی دوکتۆر ئەکرەمدا وا دەردەکەوێت کە هیندی یەکان چەند جۆرە (قەڵون - سبیلەو دارجگەرە)ی باریكو ئەستووری ڕازاوەی ڕەنگاورەنگیان بەکارهێناوە لە زۆر شینو شاییو ئاهەنگی ئایینی دا . تۆوی ڕووکی توتن کەی گەیوەتە ئەورووپا ؟ ئەمەش هێشتا بەتەواوی نەزاندراوە کێ بۆ یەکەمجار تۆوی ڕووەکی توتنی گەیاندۆتە ئەورووپا ، بەڵام دەڵێن : ڕامۆندپانەو (Ramond – Pana) فیرناندۆ کورتیز (Fernando courtez) داگیرکەری ولاتی الازتیكو فەرناندیز دی ئۆڤیدو (Fernand – de – Ovido) ئەوانە توتنیان بردوتە ئیسپانیا لەگەڵ هەموو ئەوانەی سەرەوەش یەکەم جگەرەکێش لە ئەورووپا ڕۆدرێکو - دی ؟ جیریز (Rodrigo – de – gerez) بوو کە یەکێ بوو کە لەوانەی کۆلۆمبس ناردبوینە - کوبا سەڵتیەکانو جەرمەنەکان جگەرەیان کێشاوە بەوجۆرەی خۆیان بۆی دەچوونو بۆیان دەگونجا لەوکاتەی کە نەشیاندەزانی توتن چی یەو چ زیانێکی بۆ ئادەمیزاد هەیە . ئەو لە توتن بەکار هێنانا ڕووەکە یەکەم جار لە ئەورووپاو ئاسیاو ئەفریقیاو ئوستالیاوە بۆ شوێنانی تر چووە . دەگوترێ کە خەڵکی ئەمریکای سەرو کۆنترن لەوانەی هیرۆدۆتس باسیان دەکات . لەگەڵ ئەوەشدا ناتواندرێ بگوترێ فلانە شوێنی زەوی یەکەم وولاتی ئەو ڕووەکەیە ، بەڵام بەڵگەنامەیەکی ترم هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی ئەم ڕووەکە دەتوانین بگەڕێینە دواوەو بۆ پاشماوەی ئەو وێنەو نەخشانەی لە نەزەرگای پالنکیە (Pelengue)ن لە مەکسیك کە مێژووی هونەرمەندی پسپۆری دارشتنی دەگەڕێتەوە سەردەمی شەشو حەوت . لەنێوان



نەخشەو وێنەکانا چاومان بە وێنەی کۆمەڵێ لە پیاوە ئاینیەکانی (مایا Maya) دەکەوێت قەڵنەی دوکەڵداریان بەدەمەوەیە ئەو پاپۆڕەوانانەی کە ئەمریکایان دۆزی‌یەوە بەئاشکرا بۆیان دەرکەوت کە دانیشتوانی ئەو وڵاتە تەنانەت هەر توتنەکە ناکێشن بە قەڵنە بەڵکو زۆر جار پەلکەکەیان لە نێودەمدا دەجوی‌و ئاوەکەیان دەمژی تا فرامۆشی‌یەکی خۆشیان پێ ببەخشێ توتن دەورێکی باڵای هەبوو لەنێوان پیاوە ئاینیەکاندا . لەوکاتەی لە زۆر بۆنەکانی ئاینیدا – مایا Maya کان کە خوداوەندیان خۆر بوو بە دووکەڵی قەڵون پێشوازی‌یان دەکرد . لە ڕێگای زۆربەی دانیشتوانی پیرۆو پاپۆرەوان‌و داگیرکەرانەوە توتن بڵاوبوە وە . ئەوی بۆ یەکەم‌جار تۆی توتنی لە ئەوروپادا چاند . پزیشکێکی تایبەتی خاوەن شکۆ فیلیپی دووەم بوو کە ناوی (فرانسیسکۆ هیرناندیز) بو لە ساڵی ١٥٥٩دا لەنێوان ١٢٠٠ شەتڵە کە لە مەکسیکەوە هێنابووی چەند شەتڵە توتنیشی تێدابوو . لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ئیسپانیا ئەو پزیشکە یەکەم کەسە کە بە توتن ڕوین دەژمێردرێ ئەگەرچی لەکۆنەوەش ئەندریە ثڤیە Andre – Thevet لە ساڵی ١٥٥٦ لە گەڕانی بە (بەرازیل)دا ئەو تۆوەی بردوە ، بەڵام قەدەغەی کردبوو نەیدەهێشت بڵاوبێتەوە هەرچەندە نەختێکیشی لە تۆوەکە بەسەر جوتیارەکانی دەوروبەری دێری کلێراك Clira دا بەش کردبوو هەروەکو لە یاداشتەکانی خۆیدا گوتوویەتی لە ساڵی ١٦١٧ ، بە خۆم باوەڕە کە دەڵێم من یەکەم مرۆڤم کە تۆی ئەو ڕوەکەم بردوتە فەرەنسا . . هتد . نووسەر دەڵێت :

توتن لە ئیسپانیاو پرتغالەوە خۆی گەیاندە ئیتالیا بە ماوەیەکی کەمیش گەیشتە ئینگلترەو لە ساڵی ١٥٨٤دا پایەبەرز ولترراڵی لە ناوچەی ڤەرجینیا لەسەر لێواری ئەمریکای ڕۆژهەڵات توتنی بەکارهێناو هەر کە گەڕایەوە ئینگلترە قوڵونێکی گەورەی لاسك درێژی بەلادەمەوە دەگرت‌و دەسوڕایەوە بو بەهۆی ئەوە کە لاوان‌و داروستەکی دەوروبەری پادشا لە وڵاتدا دەست بە قەڵنەکێشان بکەن تا قەڵنەکێشان‌و بەکارهێنانی توتن لە هەموو ئینگلترەو کیشوەری ئەوروپاش پەرەی‌سەند . لە سەرەتای سەدەی هەڤدەش گەیشتە سویسراو سەدەی هەژدەمیش ڕۆژبەڕۆژ توتن‌کێش زیاتر دەبوون . خاوەن‌شکۆ فریدریکی یەکەم پادشای بروسیا بایەخێکی چاکی بە قەڵنەکیشان دابوو ، هەموو شالیارو سەرکردەکانی سوپاو پیاو ماقوڵانی دەوروبەری کە کۆدەبونەوە دەبوایە قەڵنەیان‌بەلالێوەوە بێت بە ماوەیەکی کەم قەڵنە لە گەڵی شوێن بوو بە نێرگەلە ، ئەو بڵاوبوونەوەی توتن گەڵی بەسانایی نەبوو گەڵی تەگەرەی هاتبوەرێ لە ساڵی ١٦١٩دا خاوەن‌شکۆ – جاك – ی یەکەم پادشای ئینگلترە توتنی قەدەغە کردووە . لە ساڵی ١٦٢٩شدا بارتو میودی لاکامارا سەرەکی دادگای پشکنین‌و سەرەکی قەشەکانی – سلمنکە – یاسایەکی بۆ پیاوە ئاینیەکان دانا قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ووردە توتن – برموت – ی تێدا بڕیاردا ئەوەی بەپێچەوانەی ئەو یاسایە بجولایەوە هەزار دینار سەزا دەدرا . لە ساڵی ١٦٤٢دا پاپا – ئەوربان – ی هەشتەم بڕیاری‌دا کە نەیەڵێ ئەوانەی توتن بەکاردێنن هاتوچۆی کلێسا یا کەنیسە بکەن . لێرەدا دەردەکەوێ کە توتن دەمێك – لەمێژبوو – پەیدابووبوو چونکە (سلطان مرادی چوارەمیش) توتنی لە وڵاتدا قەدەغە کردبوو ئەوەی بەپێچەوانەی ئەو بڕیارە

بجولابایەوە دەبوایە ئەوەندەی بە (باستون – قامچی ) لە ژێرپێ بدرێ تا ژێرپێ دە ئاوسێت ، ئەگەر ئەو کارە نەگونجاوەی دوبارە بکردایەتەوە ئەوا لووتیشی دەنایە بان ، بە مانای لووتیشی دەبڕا . بڕیاری شای فارسی ئەوکاتەش (سەفەوی) گەلێ لەو بڕیارانەی سەرەوە گرانترو تیژتر بوو . لە وبارەیەوە نێرگلەکێش لێوی سەرەوەیان دەبڕیو بڕموت‌کێشیش نەدەبو بە خاوەن سەری خۆی جگە لەوانەش لە جیهان لە زۆر جێگای تریش بڕیار بۆ نەکێشانی دەرچووبوو لە سویسرا لە ساڵی ١٦٥٦دا بڕیاردرابوو و لە ساڵی ١٦٦١یش جارێکی تر بۆ دانیشتوانی وڵات ڕونکرایەوە کە خوای گەورەو میهرەبان ئەوانەی ئەو ڕووەکە بکێشن لە تەرازووی دزو پیاوکوژ دەژمێرێت لە ساڵی ١٦٩٩ش پزیشکی بەناوبانگی خاوەن‌شکۆ لویسی چواردە بڕیاری دوژمنایەتی لەگەڵ تووتنیدا . هەرچەندە دکتۆر پوارسون زۆر بەتوندی دژی ئەو بڕیارە وەستاو بەربەرەکانیی دەکردو لەسەر ئەو مەسەلەیە بەوەڵام هاتبوو . ئەو هەموو هەورازو نشێوەو مەترسی‌یە نەبووە تەگەرەیەکیوا کەتووتن لەناوبچێت‌و بایەخ بە چاندنی نەدرێت . لە کۆتایی سەدەی هەشتەمیشدا جۆری کێشانی لە قەڵنەو نێرگلەو سەبیلەوە بووبە جگەرە لەبابەتی سیغار پێچانەوەو بەرماغ‌و قامیش داگرتن ، وە لە سەدەی نۆزدەهەمیشدا زیاتر خۆی ئاخنیە باغەڵی مرۆڤ لە ڕێگەی داهێنانی زۆر جۆرە قوتوە جگەرەوە تا گەیشتە ڕادەی ئێستای لەبارەی سوودو زیانەوە ، هەرچەندە ئەو ڕووەکە لە مەیدانی کشتوکاڵی ئامێریشدا گەلێ شێوازی تازەی بۆ دابین‌کراوەو دەورێکی باڵای لە بواری ئابووریدا پێ‌سپێردراوە ، هەروەکو لە سەرەتای ئەو نووسینە بۆی‌چووم لەگەڵ ئەوەش زیانێکی گەورەتری هەیە بۆ ژیانی تەندروستی ئادەمیزاد دەبێ ڕاوێژو دەسەڵاتێکی توندو دژوار بۆ قەدەغەکردنی دابندرێت تا ڕێگای زیان‌بەخشینی بگۆڕدرێتەوە بە ڕێگایەکی وا سوودی کە زیاتر بێت لە زیانی خۆ ئەگەر شارستانیەت و زانیاری ئێستا نەتوانێت دراوی باس‌کرا بدۆزێتەوە دەبێ چەند بەندێکی تیژو دژوار لەنێوان یاسایەکی تایبەتی گرنگ دابندرێت‌و بکرێتە سەنگەرێکی پتەو بۆ بەربەرەکانیی بەکارهێنانی لە گەلی کوڕو مەیدان‌و گەلێ دارو دەستەی بەڕێوەبەرایەتی‌و مەڵبەندی خوێندەواری . سەربارێك دەخەمە سەر ئەم نووسینە بۆ خوێندەوارانی بەڕێز بۆئەوەی بزانن مەبەستی من لەو نووسینەدا تووتن چاندن‌و پەیدابوون‌و وڵاتی سەرهەڵدانیشی بۆ یەکەم جار نی‌یە ، هەموو ناوەڕۆکەکەیم بۆ ئەوەیە کە بزانن تووتنەوانی کلۆڵ‌و ماڵ‌و منداڵی بەدرێژایی ساڵ چوون دەچەوسانەوەو دەربەدەر بوون بەدەست خاوەن زەوی‌و سەرمایەدارانی بازرگانی تووتن کاری تا تیشکی ڕۆناکی شۆڕشی ١٤ و ١٧ – ٣٠ تەموز ئەو باڵە ڕەشەی ڕوی ئاسۆی وڵاتی داگرتبوو ڕوناك‌کردەوەو ، ڕێگایەکی تازەی بو نەخشەی سوود لە بەرهەم وەرگرتن بۆ تووتنەوان کێشا دەستی زۆردارانی کورت کردەوە لەو مەیدانە . جا بۆ هێنانەدیٰ گەلی پێویستی‌تری ژیان دەبێ هەموو ئەوانەی لەو مەیدانە دەست بەسەرکرابوون زیاتر یەك‌بگرن‌و یەکیەتی خۆیان پتەوو بەتێن‌تر بکەن تا بتوانن ئەو مافانەی شۆڕش بۆی‌هێناونەتە دەست بی‌یانپارێزن .

پەراویزەکان :

(١) پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵ ژمارە ٢ ساڵی سێ‌یەم ١٩٨١ ، ل (٤٨) .
(٢) گۆڤاری – النبوغ – (تووتن) ، ژمارەی یەکەم‌و دووەمی ساڵی شەشەمی ڕێکەوتی نیسانی ١٩٧١ ، ل – (٨٦) نووسینی جەمال بابان .
(٣) گۆڤاری النبوغ – ژمارە چواری ساڵی چوارەم مانگی ئەیلول ١٩٦٨دا .
(٤) گۆڤاری تووتن ، ل (١٥–تا–٢٠) کە بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی‌و کوردوومە بە کوردی .

سەرچاوەکان :
(١) بەپێی ئەو ئاگاداری‌یانەی خۆم کە لە ساڵانی چلەوە دەستم کەوتوەو کۆم‌کردۆتەوە دەربارەی ژیان‌و گوزەرانی تووتنەوانان .
(٢) گۆڤاری تووتن – النبوغ – ژمارە دووی شەشەمین ساڵی ١٩٧١ ل ١٥ ، ١٦ ، ١٧ ، ١٨ ، ١٩ ، ٢٠ .
(٣) پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵ ، ژ (٨) ساڵ سێ‌یەم ١٩٨٠ ، ل (٤٨ ، ٤٩ ، ٥٠) .
(٤) هێندێ زانیاری‌تر لە چەند کۆنە تووتنەوانێکی ناوچەی ڕانیەو ڕواندوز برادۆست و ناودەشت .